## قەرز ... ئارام ئەحمەد



لەوەتەی ئەم پەنجا یۆرۆیەم بەقەرز داوە ژیانم لێ تاڵ بووە، وەك دەڵێن كوونە مشكم لێ بووەتە قەیسەری.
ئەم پەنجا یۆرۆیە بوو بە خەمێك و لە سەر دڵم دانیشت، بوو بە بارێكی گران و هەناسە سواریكردووم. هەرچەند ئەكەم خۆم لە تەلیسمی خەمی ئەم پەنجا یۆرۆیە پێ قووتار نابێ.
بریا قەت نەبوومایەتە خاوەن پەنجا یۆرۆ و بە قەرزی بدەم، بریا ئەم پەنجا یۆرۆیەم وون بكردایە، بریا ڕووتیان كردبامایەوە، بریا ئەو پەنجا یۆرۆیەم لە دەعوەتی خواردنێكی چینی بۆ ژن و منداڵەكەم خەرج بكردایە، بریا لە بارێكا سێ چوار بیرەی پەرداخ گەورەی سەر بە كەفم بخواردایەتەوە و گەشتێكی ناو شارم بە تەكسی بكردایەو ئەو پەنجا یۆرۆ بەدبەختەم بە قەرزێكی بێ دانەوە نەدابایە.
كاكی برا خۆ ئەم دونیایە هەر وابووە، كەس ناتوانێ لە دوورگەیەك بە تەنهای تەنها بژی. خەڵك هەر قەرزیان كردووە و پارەشیان بە قەرز داوە، وەك دەڵێن (قەرز دوو ماڵ ئاوەدان دەكاتەوە) قەرزكەر قەرز دەكاو پێویستیەكانی پێ ئەنجام دەدا، خاوەن قەرزیش وەختێ پارەكەی وەردەگرێتەوە وەك ئەوەیە دۆزیبێتیەوە. خۆم زۆرجار قەرزم وەرگرتووە و چەند جارێكیش قەرزم بە خەڵك داوە. بەڵام ئەمجارە بووەتە تووترك و ئاڵاوەتە پێم، وەك مێردەزمە شەوان بە سەر سنگمەوەیە، ئەم پەنجا یۆرۆیە ووشكی كردووم، لە كاتی نان خواردن بەرامبەرم دادەنیشێ و مۆرەم لێدەكا، لە كاتی خوێندنەوە وەك شادەی كچم كتێبەكەم لە دەست دەفرێنێ، لە كاتی نووسین قەڵەمەكەم لێدەبا، لە كاتی بیركردنەوە پرچم ڕادەكێشێ.
من خۆم بۆ قەرزدان تۆزێ دەستم قورسە و ئاوا بە ئاسانی پارە لەدەستم دەرناچێ، یان با بڵێم دەزانم قەرز بەكێ دەدەم. بەڵام ئەمجارە هەڵەیەكی گەورەم كرد و تەنها دوو شت وایلێكردم ئەم قەرزە نەحلەتییە بەكاك وەیسە بدەم.
یەكەم: حەوت ساڵێكە كاك وەیسە دەناسم، خوا هەڵناگرێ هیچ خراپەیەكم لێی نەدیوە، تەنها ئەوە دەزانم كە هەر بە زگماك قوماربازە. لەگەڵ یەكەم فرچكە شیرا قومار تێكەڵاوی خوێنی بووە، دڵنیام ئەگەر قومار لە ژیانی وەیسە دەركەن لەگەڵیا گیانیشی دەردەچێ.
دووەم: سەرەتایی یەكتر ناسینمان بوو، هێشتا منداڵەكانی نەگەیشتبوون و منیش دەزگیراندارببووم، ڕەبەن بووم، بووخچەی نەكراوەبووم، شمشێرەكەی ناوگەڵم بەردی شەق دەكرد. وەیسە لەئەڵمانیایی بەشی خۆرهەڵات دەژییا و كۆمەڵێ كچی ناسك و نازداری دەناسی. جارێكیان كەچووە شەرق و لەگەڕانەوەدا كچێكی تەمەن شانزە حەڤدە ساڵی شۆخ و شەنگی پەری ڕەنگی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بڕوا بكەن دەتگووت خەیاری گوڵ بەدەمی یەكەم بەرە، دەتگۆ سێوەلاسوورەیە، وەك كارمامزی كێوی دەهاتە بەرچاو، چرۆیەك بوو چاوەڕێی هەتاوی دەكرد ماچی بكاو و نەرمە شنەیەك بیشەكێنێتەوە، ئێستاش تامی ئەو هەنارە مێخۆشەم لەژێر ددان هەر ماوە. دوای ئەوەی وەیسە ئاگرەكەی خۆی پێدامركاندەوە ماڵی ئاوابێ و كوری نەمرێ ئەو دارە سێبەر گەرمەی پێشكەش من كرد. ماڵی خاوەن ئیشەكەم هەزارجار ئاوەدان بێ، دڵنیام هەرچەند لە دونیادا خراپەی كردبێ، لەو دونیا

دەرگایی بەهەشتی چاوەروانکراوی بۆ دەخرێتە سەرپشت و حەفتاو دوو پەریەکەش پێشوازی لێدەکەن کە رۆژی پشووەکەی بۆهێنامە پێشەوە و دەرفەتی دامێ، تەنها شەوێك یەکێ لە فریشتەکانی ئەڵمانیا ببێتە میوانم. وەك بازێکی چاوبرسی لە چاوچووقانێدا چنگم لەم کارەخرپنە گیرکردو گەیاندمە هێلانە مێ نەدیوەکەم، بەرامبەر یەك دانیشتین، زمانم لەگۆ چووبوو، بەڵام خۆ چاو لە چرکەیکدا نووسینی کپێبێکی تەواوت بۆ دەخوێنێتەوە. بەچاو هاواری دەکرد وەرە باوەشم، بە چاو دەمناڵاند وەرە لە ئامێزت بگرم. وەك پشیلەیەکی دەستەمۆ بەنازەوە هات لەباوەشم ئۆقرەی گرت، دڵم نەدەهات دەستی بۆ بەرم دەترسام لەناسکیدا هەڵوەرێ. لە یەکەم دەست پێداهێناندا چاوی پڕ حەزو ئارەزووی داخست. لێوی خستە سەر لێوم، لەلێومەوە هەموو گیانم گڕی گرت، تەزوویەکی گەرمی خۆشاو هەمووڵەشی تەنیم، ئەم لێومژینە دەرگا داخراوەکانی جەستەی بۆ خستمە سەر گازەرەی پشت، لەسەرەخۆ دەستم لە سەر مەمکی دانا، مەمکەکانی دوو شەکرەسێویی پڕ بە دەست بوون. دوو چۆلەکەی زیندانی ستیان بوون، لە پشتەوە بەکلیلی پەنجەی ئارەزوو دەرگایی زیندانم کردەوە و چۆلەکەکان بەئاسمانی ژوورەکەمدا دایان لەشەقەی باڵ، دایکم بە مەمك مژین گەورەی کردم و ئەم کچەش بە مەمك مژین سەر لەنوێ منداڵی کردمەوە و بۆ تاوێ لە نارەحەتی ئەم گەردوونە جەنجاڵەی دوورخستمەوە. ئەو شەوە هەتا بەیانی هەشت جار چوومە بەهەشتی پڕ لە شیر و هەنگوین، رۆحم هەشت جار خۆشاوی ئەم مێوە رەنگاورەنگەی مژی وتا بەیانی گیانم لەبەر تاڤگەی شەتاوی ئەم شۆخە خووسابوو. هەتا یەك دوو مانگیش بۆنی ئارەقەی جووت بوون و بۆن و بەرامەی ژن لەماڵەکەمدا هەرمابوو.
لە گێرانەوەی ئەم یادگارییە شیرینە خەریکە لە باسەکەم لادەدەم و پەنجا یۆرۆکەم لە بیردەچێتەوە. جا لەبەر ئەم دوو هۆیە زۆر بەدڵ گەرمییەوە تووشی ئەم گێژاوە بووم. بریا کاك وەیسە پێنج خولەك درەنگتر بهاتیتایەو داوای قەرزت بکردایە، ئەو کات بە بیانووی ئەوەی پارەم پێ نیەو بانکیش داخراوە لە کۆڵم دەکردیتەوە، بریا ئەو شەوە پشووم هەبایەو تووشت نەبوومایە. لەوانەیە بڵێن چەند چاوچنۆك و نەدیتکەیە، پەنجا یۆرۆیەو بە قەرزت داوەو برایەوە. خۆ وەیسە بەردی لە ئیمام نەگرت هات پەنجا یۆرۆی لێت قەرز کرد، کەس قەرزی نەکردوە؟ کەس پارەی بەقەرز نەداوە؟ کاکی برا بەدبەختێکەی من لێرەوە، لەم قەرزەوە دەستی پێکرد. بەڵێ راستە خەڵك قەرزدەکا و دوای دەیداتەوە، هەتا ئەوکاتەی قەرزەکەی دەداتەوە لە هەرجێیەك هەر کاتێ کابرای خاوەن قەرز دەبینێ تەریق دەبێتەوە. هەوڵ ئەدا تا کاتی قەرزدانەوەکە لووتی نەبێ بەلووتی خاوەن قەرزەوە. کەچی ئەوەی من زۆرپێچەوانەوەیە، من خۆم لە کاك وەیسە دەشارمەوە. توخوا بالە سەرەتاوە بۆتان بگێرمەوە:
حەوت مانگێك پێش ئێستا شەوێك بە تەکسییەوە لە جێی تایبەت بەتەکسی راوەستابووم، چاوەرێم دەکرد نەفەرێ سەرکەوێ و بیگەێنمە ئەو شوێنەی مەبەستێتی لەناکاو وەیس وەك خدری زیندە پەیدا بوودوای چاك وخۆشی:
وەیسە: وەڵاهی وەختێکی باش بوو، بەدوای کەسێکی وەك دەگەرام.
خۆم:فەرموو کاك وەیسە خێرە
وەیسە: کاکە زۆر پێویستم بە پەنجا یۆرۆیە، بەراستی داوام لە یەك دوو برادەرکرد نەیاندامێ، بە شەرەفم دوو بەیانی بۆت دێنمەوە.
خۆم:زۆر عەیبە کاکە قسەی وادەکەی هەر تۆ و پەنجا یۆرۆ، بەسەرچاو
وەیسە: بڕوابکە پارەیەکی زۆرم بۆ هاتووە، لای خوشکەکەمە، پارەم نیە بچم بیهێنمەوە. بەیانی نا بەڵام دوو بەیانی لە سەداسەد دوو بەیانی پارەکەت وەردەگریتەوە، ژمارەی تەلەفۆنەکەت چەندە؟

خۆم:کورە بابە هیچ گرفت نیە، ناتوانم لە پارەی ئیش بدەمێ، خۆشم پارە هەڵناگرم. بزانە وەختی ماوە بانك؟ بۆ چارەڕەشی بانك تەنها دەهەنگاوێك لێمانەوە دوور بوو، پێنج خولەكی مابوو داخرێ (وەك بڵێی دیارە كاتی دابەشكردنی ڕزقی ئەو ڕۆژە من بەهەڵە ئەو پەنجا یۆرۆیەم وەرگرتووە و دەبایە پێش داهاتنی ڕۆژی تازە ئەو پارە لە بەشی خۆم زیادە بگرێنمەوە) . بەپەلەپەل پەنجا یۆرۆم دەركرد و خستمە چنگی.
وەیسە: كاكە زۆر سوپاس، بەڕاستی هەتا مردن ئەم چاكەیەم لەبیر ناچێ، دوو بەیانی تەلەفۆنت بۆ دەكەم و پارەكەت بۆدەهێنمەوە.
خۆم:گوێیشی مەدەرێ'، خەمی لێ مەخۆ گرنگ ئەوەیە كارەكەت ڕێككەوێت. ماڵئاویی كرد و شەقامە نیوە تاریكەكان هەڵیانلووشی.
هەر دوایی ڕۆیشتنی وەیسە وەك لە ژووری لێپرسینەوە بم كۆمەڵێ پرسیاری جل سەوزی دەمانچە بە پشتوێنەوە بەرامبەرم ڕاوەستان:
پۆلیس: پارەی لەكوێوە بۆدێ؟
خۆم:نازانم.
پرسیاری دووەم زللەیەكی سرەواندە بناگوێم
پۆلیس: لەنێوان وولآت و ئەڵمانیا بازرگانی دەكات؟
خۆم: وەڵا نازانم. شەقێكی مزر
پۆلیس: كارتی بانكی هەیە؟
خۆم: دەبێ هەیبێ.
پۆلیس: بۆ خۆی پارە لە بانك دەرناكا؟
خۆم: نازانم.
دوایی بۆم دەركەوت كەقەرز زۆری بۆهێناوەو تەنانەت پارەی خەرجی ڕۆژانەو جگەرەیشی نیە.
دوو ڕۆژی تێپەری و كاك وەیسە هەواڵی نەبوو، هەفتەیەكی پێچوو كاكم دەرنەكەوت. بە ڕێكەوت لە ئاهەنگی ژن هێنانی برادەرێك چاومان بەیەك كەوتەوە، لە خەڵكەكەی دوور خستمەوەو لە پەنایەك ووتی:
كاكە شەرمەزاری جەنابتم، ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لەبیر چووە لە بیرم نەچووەتەوە، ژمارەی تەلەفۆنەكەتم بزركرد. ئەمجارە ژمارەی دەستی و ماڵەوەم دایێ ئەویش ژمارەی خۆی دامێ بە هیوایی ئەوەی بەیانی تەلەفۆنی بۆ بكەم و پارەكەم وەرگرمەوە. دووجار هەوڵمدا و بەداخەوە نەمگرت.
دوای سێ چوار مانگ بیستم دایكی ژنەكەی وەیسە دەردوبەڵایی حازری بردوە، لەدڵی خۆمەوە ووتم هەلێكی باشە، بۆسەرە خۆشی دەچم و پارەكەشم وەردەگرمەوە. بەڵام كاك وەیسە وەك نەبایی دیتبێ و نەباران لە كاتی بەرێكردن لەبەردەم دەرگا ووتی:
كاكە ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لەبیر چووە، لەبیرم نەچووە.
جارێكی تر لەبەردەم ماڵی خۆمان سەرمان تەقیە یەكا، دوایی چاك وچۆنی ووتی:
كاكە ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لە بیر چووە، لەبیرم نەچووە. ئێستا پارەم پێ نیە لەكوێ دەبی پارەكەت بۆ بێنمەوە؟
خۆم:ئەوە ماڵەكەمانە ئەگەر ویستت پارەكە بخرە زەرفێكەوە ولەناو پۆستەكەی دانێ.
حەوت مانگە هەر جارێ كاك وەیسە دەبینم، هەمان ڕستە دووبارە دەكاتەوە (ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لە بیر چووە، لە بیرمە) . هێواش هێواش هیوای وەرگرتنەوەی قەرزەكەم لاكز بوو، وایلێهات من وازم لەو پەنجا یۆرۆ نەحلەتییە هێناوە وكاك وەیسە وازناهێنێ. ئێستا من خۆم لە كاك وەیسە دەشارمەوە، هەر جارێ دەیبینم كۆڵێ شەرمەزار دەبم. زۆر هەوڵدەدەم

كە نەیبینم، هەر كاتێ لەدوورەوە بەدی دەكەم والەخۆم دەكەم كە نەمدیوە، كەچی ئەو وەك خاوەن قەرزبێ هەڵئەكووێتە سەرم، نەك بڵێی قەرزەكەم لەیبر چووە، لەبیرم نەچووە. واملێهاتووە بەدەم ڕێگاوە وەك شێت لەبەرخۆمەوە ئەم ڕستەیە ئەڵێمەوە (ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لەبیر چووە، لەبیرم نەچووە) . ئەم پەنجا یۆرۆیە ئەم شارە خنجیلانەی لەبەر چاوم ڕەش كردوەو بەتەمام باربكەم، لەو ماوەیە كاك وەیسەم بینی، ئەگەر بڵێی قەرزەكەم هەر لە بیرە. منیش ووتم ئەم شارە هیچ ئیشی تیا نەماوە بەتەمام باركەم برۆم، خوا هەڵناگرێ زۆری پێناخۆش بوو، زۆربەگەرمییەوە داوای ئەدرەسە تازەكەی لێكردم بۆ ئەوەی پەنجا یۆرۆیەكەم بەپۆست بۆ بنێرێ.

ئەم بەیانییە لەخەو هەستام. ژنەكەم دەموچاوی دابوو بەیەكا، خێر بەم بەیانییە هیچ بووە؟ بۆ واگرژی؟ دەڵێی ترش فرۆشی.

لەمە زیاتر دەتەوێ چی ببێ؟ فێر بوویتە بێ ئەوەی پرسێكیش بەمن بكەی دەچی پارە لە خەڵك قەرز دەكەی. چەندت قەرز كرد، بۆچی قەرزت كرد، چیت لەپارەكەكرد؟

باوەربكە یەك فلسم لەكەس قەرز نەكردوە. باشە چۆن بۆت دەركەوت قەرزم كردوە؟

ئەم شەو تا بەیانی بەدەم خەوەوە ورێنەت دەكرد و هاوارت دەكرد:

(كاكە ئەگەر بڵێی قەرزەكەم لەبیر چووە، لەبیرم نەچووە)

ئەلمانیا
2005 .09 .21